نووسینی د. زاهیر سوران
050701 ستۆكهۆلم

# كۆئەندامی زاوزێ ی مێوینه

ئەوەی شایانی باسه به هۆی جۆری ئەركەكانییەوه ئەم كۆئەندامه پێكهاتووه له دوو بەش (ناوەوه و دەرەوه) هەریەكەیان كۆمەڵێك ئەندامی له خۆگۆتووه كه ئەمانەن :

## بەشەكانی ناوەوەی كۆئەندامی زاوزێ

پێكهاتووه له (هێلكەدانەكان ، كەناڵەكانی هێلكەدان ، منداڵدان ، گولینك)

### هێلكەدانەكان

ئەوەی راستی بێت هەموو ئافرەتێك 2 هێلكەدانی هەیه و دەكەونه ئەملاولای منداڵدان (پـزدان) ەوه . لەژنی ئاساییدا درێژی 4 سم، بەرزی 3سم و ئەستوری 1سم ە، پاش لێچوونەوە (وەستان و نەمانی بێنوێژی) هێلكەدانەكان هێدی هێدی گچكه دەبنەوەو تادەپوكێنەوه جاریواهەیه یەكێكیان (راست یان چەپ) یان هەردووكیان تووشی سۆ یان سووربونەوه دەبن، لەم كاتەدا هەوكردنەكه دەگاتە كەناڵی هێلكەدانیش. به هۆی كەناڵی هێلكەدانەوه كه هێلكەی پیادا دەگوێزرێتەوه بەستراون به منداڵدانەوه ، وەلێ دەجولێن . له كاتی له دایكبووندا هێلكەدانەكان نزیكەی یەك ملیۆن هێلكەی پێگەیویان تیادایه . نزیكەی 500 هەزاریان گەشەدەكەن و دەبنه هێلكەخانه كه پاشتر دەپیتێن . له ناوەراستی بێنوێژیدا (خولی مانگانه) كیسەی هێلكەیەك دەتەقێت و ئەو هێلكانەی پێگەیون دەكەونه كەناڵی هێلكەدانەوه بەمەش دەگۆترێت هێلكه دانان . لەم كاتەدا نزیكەی نیو پله گەرمی لەشی ئافرەت بەرزدەبێتەوه و تا چەند رۆژێك پێش تەواوبوونی بێنوێژی بەردەوام دەبێت . هێلكەدانەكان ژمارەیەك كیسه هێلكەی تیادایه وله هەر كیسەیەكدا هێلكەیەك هەیه . له كاتی بێنوێژییدا ژمارەیەك هێلكه و كیسه هێلكه گەورە دەبن . نزیكەی 3-5 رۆژ دەخایەنێت تا هێلكەكان بەم كەناڵانەدا دەگەنه منداڵدان . بۆ ئەوەی پیتاندن روو بدات پێویسته تۆماوی نێر بگاته نێو هێلكەدان ، كاتێك هێلكه له هێلكەدانەكانەوه بەره و منداڵدان دەگوێزرێنەوه ولەوێدا هێلكه و تۆماو بەرەو رووی یەكتری دێن و پاشتر دەبێت له ماوەی یەك رۆژدا هێلكه بپیتێت . گەر پیتاندن روونەدا ئەوا ژن سكی پڕنابێت ومانگی داهاتوو بێنوێژدەبێتەوه . هەردووهێلكەدانەكان هۆرمۆنی زایەندی دەردەدەن .

### كەناڵەكانی هێلكەدان

جووتێ كەناڵ ریشاڵ ماسولكەیین، لەپاشكۆی زاماڵەوه تاهێلكەدان درێژ بونەتەوه ، درێژییان له نێوان 10-12سم ە، له ئەملاولای بەشی سەرەوەی پزداندا دەكرێنەوه زۆرجار میكرۆئۆرگانیسمەكان خۆیان دەگەیەننه كەناڵی هێلكەدان و تووشی سۆ یان سووربونەوەی دەكەن.

### منداڵدان (پزدان، زاماڵ)

ئەندامێكی سەرەكی زاوزێیه ، له ماسوولكەیەكی دیوار ئەستووری شێوه هەرمێی درووست بووه، دەكەوێته نێوان میزەڵدان و ریكەوه . لەزاماڵدا ئاولەمه گەورە دەبێت وگەشه دەكات و لەكۆتایی ئاووسیدا (پاش نۆ مانگ) دەیكاتە دەرەوه . پزدان ناوپۆشێكی هەیه له كاتی خولی مانگانه (بێنوێژی) دا ئەستوری جیاوازه و دەمی پزدان له گولینكدا دەكرێتەوه .

ئەركی سەرەكی پزدان بریتییە لە كشان و گەورەبوون تا ئاولەمە تیایدا گەشە بكات و بیپارێزێت . نابێت ئەو راستییەشمان لە یاد بچێت كە شێوەو قەبارەی منداڵدان بەپێی تەمەن و باری سكپڕی دەگۆڕدرێ، پزدانیش لەم بەشانەی خوارەوە پێكهاتووە:

- دەمی پزدان .
- ملی پزدان ، لەش و دەمی پزدانی بەیەكەوە بەستووە.
- لەشی پزدان ، گەورەترین بەشە كە پزدانی دروست كردووە.
- پاشكۆی پزدان .

## قەبارەی پزدان لە ژنێكی سك نەكردودا بەم شێوەیەیە:

درێژی 66-78 ملم، بەرزی 40 ملم، ئەستوری 20 ملم و كێشەكەی 5 تا 6 گرامە. بەڵام لەژنێكدا كەچەند سكێكی كردبێت قەبارەكەی 10ملم زیاد دەكات یەكێك لەو هەوكردنانەی بە زۆری تووشی زامانڵ دەبێت بریتییە لەهەوكردنی ملی زامانڵ . هەندێكجار شلەیەكی لینجی كێماوی تیادایە، زۆرجاران لەشی زامانڵ یان ناوپۆشەكەی بەهۆی میكرۆئۆرگانیسمی نەخۆشیدارەوە تووشی هەوكردن دەبن. لە كاتی دووگیانی دا ئاولەمە پێویستی بە خۆراك ، ئۆكسجینی پاك وپاراستن هەیە تا لە پزداندا زیانی پێنەگات .

## خولی مانگانە (بێنوێژی)

پاش باڵقبوون تا لێچوونەوە ناوبەناو نێوپۆشی پزدان گۆرانكاری بە سەردا دێت ، بە درێژایی تەمەن ئافرەت نزیكەی 500 خولی خوێنبەربوونی مانگانەی بە سەردا دێت .

هەر خولێك 28 رۆژ دەخایەنێت ، جاری وا یە 2-3 رۆژ زیاترە یان كەمترە . ئەوەی شایانی باسە زۆر ئاساییە گەر لە تەمەنی باڵقیدا بێنوێژی نارێك بێت لەبەرئەوەی هۆرمۆنی Hypohpys و هێلكەدانەكان خولی بێنوێژی بەڕێوەدەبەن . یەكەم رۆژی خوێنبەربوون بە یەكەم رۆژی خولی مانگانە لە قەڵەم دەدرێت . خوێنبەربوونەكە لە سەر ناوپۆشی پزدان بەندەو ماوەی 5-7 دەخایەنێت ، پاش ئەوە لە ژێركاریگەری هۆرمونی زاوزێ دا نێوپۆشەكە دروست دەبێتەوە . گەر هیچ پیتاندنێك لە نێوان تۆماوی نێر و هێلكەی مێوینەدا روونەدات ئەوا مانگی داهاتوو هەمان خوێنبەربوون دووبارە و پاشتر سێ بارە دەبێتەوە . هەموو مانگێك لە رێگەی خوێنبەربوونەوە ئافرەت نزیكەی 35-40 ملیلیتر خوێنیان لە بەردەڕوات .

## گولینگ

پێكهاتوویەكی شێوە كەناڵییەو لە ریشاڵی ماسولكەیی بەهێز دروست بووە، دەكەوێتە نێوان رێكەو میزەڵدانەوە، بەشی سەرەوەی بەستراوە بەملی زامانڵەوەو بەشی خوارەوەی لەقۆڵقەدا دەكرێتەوە.

درێژی گولینك لەنێوان 8- 10 سم دایە، ئۆرگانێكی زۆر لاستیكییەو بەئاسانی توانای كشان و فراوان بوونی هەیە . زۆرجاریش تووشی هەوكردن دەبێت.

لە كچێنیدا پێش گولینك پەردەیەكی تەنكی ناسك هەیە لە كاتی یەكەم پەیوەندی زایەندیدا دەدرێت و هیچ رۆڵێكی نییە . لە نێوگولینكدا ئاسایی برێك شلەی تیادایە نێوپۆشەكە لە هیشكبوونەوە دەپارێزێت . ئەوەی راستی بێت نزیكەی 2 رۆژ تۆماو لەنێو لەشی ئافرەتدا دەمێنێتەوە .

لە كاتی پیتاندندا سپێرم دەترنجێتە نێو هێلكەخانەوە و هەردوو خانەكە دەتوێنەوە و یەك خانە دروست دەكات . هەردوو خانەكە و سپێرمی نێر كرۆمۆسۆمیان تیادایە كە لە دایك و باوكەوە وەرگیراوە .

هەموو هێلکەخانەکان یەك کرۆمۆسۆمی X یان تیادایە ، وەلێ ئەنتیجێنی سپێرمەکان یان یەك کرۆمۆسۆمی Y یان تێدایە یان یەك کرۆمۆسۆمی X یان تیادایە .

گەر هەردوو کرۆمۆسۆمەکەی X گەشە بکات ئەوا دەبێتە کچ ، گەر یەك کرۆمۆسۆمی Y و یەك کرۆمۆسۆمی X گەشە بکات ئەوا دەبێتە کوڕ .

ئەوەی راستی بێت تەنیا یەك سپێرمی یەك هێلکە دەپیتێنێت . کاتێك هێلکەدانەکان لە رێگای کەناڵی هێلکەدانەوە هێلکەکان دەکاتە دەرەوە بەرو پزدان لە کەناڵەکەدا بە خێرایی دابەش دەبن .

گواستنەوەی هێلکە لە هێلکەدانەوە بۆ پزدان 2 رۆژ دەخایەنێت . نزیکەی 10 رۆژ پاش پیتاندن پێکهاتوویەکی خانەیی دروست دەبێت و پاشتر لە نێوپۆشی پزداندا گەشە دەکات .

بەشێکی ئەم پێکهاتووە خانەییە دەبێتە وێلاش ، ئەمیش بەردەوام هۆرمۆن دروست دەکات بۆئەوەی هێلکەدانەکان بهەژێنێت تا بەردەوام هۆرمۆنی زاوزێی ژنانە دەربکەن لەبەرئەوەی هۆرمۆنەکانی زاوزێ بەردام گەشەکردنی نیچوپۆشی پزدان پێویستن . لە رێگای تێستکردنی خوێن یان میزەوە دەتوانرێت هۆرمۆنی زاوزێ کەبە وێلاشی ژن دایە بپێورێت تا لە سکپڕی دڵنیا ببێت .

دووانە ، جاری وا هەیە و روودەدات کە هێلکە دەبێتە هۆی دروستکردنی 2 ئاولەمە وەك یەك ، هەمیشە دووانەی یەك هێلکە یەك رەگەزیان هەیە و بە دەگمەنیش رەگەزەکانیان جیاوازە

## بەشەکانی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ

### * قۆڵڤە

بریتیە لەسەرجەمی ئۆرگانەکانی زاوزێی دەرەوەی مێیە. ئەمانیش بریتین لەچیاکانی ڤینۆس، گەورە لێو، گچکەلێو، ناوچەی نێوان گەورە لێو گچکە لێو، کونی کەناڵی میزکردن وپەردەی گولینك .

### * گەورە لێو

دوو پێکهـاتووی پێسـتین لەسـەرەوە بەناوچـەی بـەرەوەو لـەخوارەوە بەناوچـەی گولینکـەوە بەسـتراون. درێژییان لەنێوان 7–10سمو ئەستوریان 2–3 سم ە. لە ژنێکی (25–35) ساڵیدا ئەم لێوانە ئەستورن و کەمێکیش رەق ترن . لەژنی تەمەنداردا لێوەکان تەنکترو ناسکتردەبنەوە.

### * گچکە لێو

دەکەوێتـە بەشـی نـاوەوی گـەورە لێـوو بەگـەورە لێـو داپۆشـراوە، درێـژیان 3 سـمو ئەسـتوریان نیـو سانتیمەترە لەساوادا گچکە لێوەکان لەگەورە لێوەکان گەورەترن !.

### * کلیتۆریس

ئۆرگانێکە دەکەوێتە بەشی ناوەوەی قۆڵڤەو درێژی 3 سمو هەندێکجاریش قەبارەی جیاجیای هەیە.

### * گلاندی بارتۆلین

لەساڵی 1605 دا بارتۆلین لەسەر ئەم جووتە گلاندەی نوسیوە، ئەم گلاندانە دەکەونە دەرەوەی قۆڵڤەو شێوەی دەنکە فاسۆلیایان هەیە، رەنگیـان سـپیی و رەقن، درێـژی کـەناڵی دەردانی ئەم گلاندە 1–3 سمو لەنێوان گەورە لێوەکان و پەردەی گولینکدا دەکرێنەوە. زۆرجاران ئەم گلاندانە بەهۆی میکرۆئۆرگانیسمی نەخۆشـیدارەوە تووشـی کێمکـردن دەبـن پـاش گـەورەبوونیان گلانـدەکان پەسـتان دەخەنـە سـەر لێوەکانیگولینك، ئەوسا کونی کەناڵەکە وەك خاڵێك دەبینرێ.

**لێچوونەوە :**

**لەو ماوەیەوە دەست پێدەکات کە ئیتر ئافرەت خولی مانگانەی نامێنێت و گۆرانکاری گەورە لە هۆرمۆنەکانی زاوزێیدا روودەدات ، لەم بارەدا هێلکەدانەکان هێلکەدروست ناکەن و بێنوێژی نامێنێت .**

**بالّق بوون :**

**لە ئەنجامی گۆرانکاری هۆرمۆنەوە گۆرانکاری لە ئەندامەکانی لەش و بەژن و بالاّدا (لە کچاندا زووتر) دەردەکەوێت . کچان مەمکیان بەرزدەبێتەوە ، شلەیەکی لینج لە دامێنیانەوە دێتە خوارەوە ، بێنوێژی دەردەکەوێت ، مووی بەر ، بن باخەلّ ، گۆڕرانی دەنگ و حەزی زایەندیش دەردەکەوێت .**

**سەرچاوەکان**


1. www.infomedika.se © 050401.
2. www.netdoktor.passagen.se © 050301
3. www.könsorgan.se © 050301